


# وەرگێڕان، یان وەرگەڕاندن؟



حەکیم کاکەوەیس
(کەرکووک)

بە کوردی کردنی بەرهەمێکی بێگانە، کردنەوەی درزێکە بەرەو مەملەکەتی خاوەنی زمانەکە... دروستکردنی پردێکی یەک سایدە بەرەو جیهانی هزر و کەلەپووریان، کە لەڕێی وەرگێڕانەوە زانیمان کەمبۆدییەکان باوەڕی گردەبڕیان بە پەیکەری لە برۆنز دروستکراوی بوودا هەیە، سەرسام دەبین کەسێکی وەکو پۆڵ پۆت کە سزای مەرگی بەسەر باوەڕدارەکان دادەدا، بەڕێوەیان بەرێ. لە وێوە تێدەگەین نەگونجانی پۆڵ پۆت لەگەڵ میللەتەکەیدا، سەرچاوەکەی لە کوێوەیە. دەنا قەت دەبوو نزیکەی شەش یەکی میللەتی خۆی قڕ بکا!

کاتێ پاوڵ برێمەر (Paul Bremer) لە کۆتایی نامەیەکیدا دەنووسێ: (خۆشەویستیم بۆ هەردوو «سوور و سپی» هەیە) و مەبەستی لە یەکەمیان ژنەکەیەتی و لە دووەمیان دەڵە سەگەکەی، تەنیا ڕستەکەمان نەکردە کوردی، بەڵکو بەشێکی نەریتی ئەو پیاوەمان خستە ڕوو. وا نەبێ دەبێ بڵێین: برێمەر نرخی ژنەکەی بۆ ئاستی سەگ داشکاندووە، یان بەهای سەگەکەی بۆ ئاستی ژنەکەی هەڵکشاندووە!

سوێدییەکان قسەیەکیان هەیە: «هەموو منداڵان، منداڵی هەمووانن». چۆن ئەمە داڕێژین تا واتای شەوەڕەش و تەگە تێکبەردان نەدا؟ (بیلامانێ)یەکی بۆ زیاد کەین چۆنە؟! ئەوان مەبەستیان لەو قسەیە ئەوەیە کە هەموو کەسێکی هەراشی ئەو وڵاتە، بەرپرسیارە لە هەموو منداڵانی وڵاتەکە. ئێمە ئەو نەریتەمان هەیە، یا منداڵی خۆمان فێر دەکەین سەری منداڵان بشکێنێ؟ لە نەریتی ئێمەدا «کوڕی خۆت مەکە قوربانی کیژی خەڵکی» هەیە، کە ئەگەر وەک خۆی بکرێتە سوێدی، دەبێتە نوکتەیەکی بێ تام!

دەبینین وەرگێڕانی بابەتێکی فارسی بۆ کوردی چەند خۆش دێتە دەستەوە، کەچی عارەبی بۆ کوردی وانییە، ئەگەرچی زیاتر بەسەر عارەبیدا زاڵیش بین. ئەوە نزیکی نەریتی کورد و فارسە ئەو ئاسانکارییە دەکا، جگە لە خزمایەتی نێوان ئەو دوو زمانە.

گوتوویانە وەرگێڕان وەک ژن، جوانییەکەی هەڕەشەیە لەسەر پاکییەکەی. نەشارەزایی لە نەریت پاکی وەرگێڕان دەشێوێنێ. ئەگەر شارەزاییمان لە نەریت و زمانەکەدا هەبێ، دەشێ بەرهەمەکەمان، هەم جوان بێ، هەم پاک. چما ژنی جوان و پاک کەمن؟!

وەرگێڕانی ڕستە ئاسانە، بەڵام وەرگێڕانی مەبەست قوڕێکی خەستە و شارەزایی زمانی یەکەم چەند پێویستە، شارەزایی دابونەریتەکەشی ئەوەندە پێویستە، دەنا دوور نییە وەرگێڕان ببێتە وەرگەڕاندن!